# سەدام لە نزیکەوە دڕندەیەکی زەلیلە

**گفتوگۆیەك لە گەڵ ( تەها سلیمان ) :لە هۆڵی دادگایکردنی سەدام و دارو دەستەکەییەوە بۆ هەفتە نامەی خۆر نەوەزان**

**سازدانی گفتوگۆ:**

**قادر قەرەداغی**

**قەرەداغی: چۆن بوو چوویت بۆ دادگاییکردنەکەی سەدام؟**

**تەها سلێمان: ڕۆیشتنی ئێمە بە ناوی سەنتەری ئەنفال بۆ توێژینەوەو دیکیۆمێنتکردن و ناوەندی چاك، کە ناوەندێکە بۆ بەگژدا چونەوەی تاوانی کیمیابارانکردن و ئەنفال و جینۆسایدی کوردە, بۆیە دەتوانم بڵێم چوونمان بۆ هۆڵی دادگاییکردنی سەدام و دارودەستەکەی وەك خەونێك بوو، نەك بە نیسبەت منەوە، بەڵکو بەنیسبەت هەموو تاکێکی کوردەوە و بە نیسبەت هەموو ئەوانەی ئێشوئازاریان بەدەستی دڕندەیی بەعسەوە کێشاوە و ئەتوانم بڵێم: وەك خەونێکی مەحاڵ تەفسیرکرابێ لە لایەن زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگای کوردەوارییەوە, چونکە هەرچەندە ئێمە باوەڕمان بە ڕوخان و تێکشکانی سەدام ودارودەستەکەی هەبووە و باوەڕمان بە لەناوچوونی هەموو ڕژێمێکی دیکتاتۆری هەیە, بەڵام زۆرجار موستەحیل وەهای لێکردووە ببێت بە بەشێك لە باوەڕی هەمیشەییمان، بۆیە بە موتڵەق باوەڕمان بە ڕوخانی دیکتاتۆر هەبووە، بەڵام ڕوخانی ڕژێمی بەعس و ئامادەبوونی ئێمە لە هۆڵی دادگا، هەندێجار وەك خەونێکی مەحاڵ لێکمداوەتەوە، بۆیە لە ڕۆژی 2006/10/2 کاك لەتیف فاتیح فەرەجی ڕۆژنامەنووس تەلفۆنی بۆ کردم و گوتی: کاك کامەران بە ناوی ( ناوەندی چاك و سەنتەری ئەنفالەوە ) میواندارێ ڕێکخستووە بۆ ئامادەبوون لە هۆڵی دادگایی سەدام, هەروەها کاك کامەران کە ماوەیەکە ئەرکی ڕێکخستنی شایەت و شکاتکاری دۆسییەی ئەنفالی لە ئەستۆیەو لە پێش دوو ساڵ هاتە لام لە گەرمیان و یەکترمان ناسی دیارە هەندێ برادەر ناوی منی دابوێ و لەو ماوە باشتر یەکترمان ناسی و ئاشنای یەکتربووین ودەمزانی کاری دیکیۆمێنتکردنی کەیسی ئەنفال دەکا و لە ماوەی ڕابردوو پەیوەندیمان بەردەوام بوو لە گەڵ کاك کامەران و هەر لە یەکەم ڕۆژی گەیشتنمان بۆ بەغدا پەیوەندی پێوەکردین و زۆر کارئاسانی بۆ کردین و زۆرجار گەر ئەو نەبووایە لە ڕۆتینی ناو ناوچەی سەوز بە ئاسانی ڕزگارمان نەدەبوو, وەفدەکەی ئێمە پێکهاتبوو لە ( محەمەد حەمەصاڵح تۆفیق, لەتیف فاتیح فەرج, سەلام عەلی, مەجید صاڵح, عبداللە کەریم, سالار مەحمود, تەها سلیمان, عارف قوربانی, عومەر محەمەد, فەرهاد حاتم ), بەڵام بەداخەوە بەڕێزان ( سەلام عەلی, عارف قوربانی, فەرهاد حاتەم ) لە بەر ئیشوکاری تایبەت بە خۆیان نەیانتوانی سەفەر بکەن لە گەڵماندا.**

**قەرەداغی: وەك گەرمیانییەکی خاوەن ئەنفال هەستت بە چی کرد کاتێك سەدامت لە نێو قەفەسی تاوانباریدا بینی؟**

**تەها سلێمان: کاتێك هەواڵی بەشدارکردنم وەك میوان لە هۆڵی دادگاییکردنی سەدامدا پێگەیشت لە لایەکەوە هەستم بە خۆشییەکی زۆر گەورە کرد، کە مرۆڤ ناتوانێ گوزارشتی لێبکات و هەروەها لە لایەکی دیکەوە هەستم بە ڕاچەڵەکانێك کرد، کە سەرتا پا هەژاندمی بۆ خۆمیش بڕوام نەدەکرد، چونکە من لە خێزانێکدام، کە نزیکەی 78 کەسی ئەنفالکراوە و سەرجەم خزم و کەسوکارم بەر شاڵاوی دڕندانەی ئەنفال کەوتوون هەر لە مام و ئامۆزا و ئامۆژنم و خزمی نزیك و هەروەها هەموو خزمی هاوتەمەن و هاوپۆلەکانم لە قوتابخانەی گوندەکەمان و هەروەها خزمەکانم لە گوندەکانی دیکە سەرجەمیان کەوتوونەتە بەر ئەو شاڵاوە نامرۆییە, بۆیە من دەڕۆم کەسێك دەبینم کە بەرپرسی یەکەمە لە کوشتنی ئەو هەموو خزم و کەسەی من.. ئەمەیان لە لایەك لە لایەکی دیکەوە ئەو خزمانەی من هیچ جیاوازییەکیان نییە لەگەڵ کوردێکی ئەنفالکراوی ناوچەکانی دیکەی گەرمیان و بالیسان و بارزان و بادینان یان هەر پارچەیەکی دیکەی ئەم نیشتیمانەی من, بۆیە دەڵێم هەستم بە خۆشییەکی زۆر کرد، کە دەچم بە چاوی خۆم کەسێك دەبینم، کە پێشتر تەنها لە شاشەی تەلفزیۆنەوە بینیومە، بە دوو شێواز یەکەمیان لە پێش ڕوخانی ئەویش لەڕێی خیتاب و هەڕەشەو گوڕەشەکانییەوە دژی کورد و میللەتانی عێراق و دراوسێیەکان، یان خەڵکی بە قسەی لوس فریوو دەدا پاشان جارێکی دیکە هەر لە ڕێگەی تەلفزیۆنەوە وەك مشکێك لە کونەکەیدا دەریان هینا و**

بەزەلیلی پرچیان دەپشکینی و بوو بە گاڵتە و ئێستا بڕیاری لە سێدارەدانی لە سەر یەکێك لە تاوانەکای بۆ دەرچووە بۆیە دەبێ هەستی جەرگ سوتاوێکی وەك من چۆن بێت، کە دەچێ کابرایەك دەبینێ بەرپرسە لە کوشتنی 182 هەزار کورد لە یەك شاڵاودا و بەرپرسە لە خاپورکردنی نزیکەی پێنج هەزار گوند و لێپرساوی یەکەمە لە زیندەبەچاڵکردنی هەشت هەزار بارزانی و کوشتنی ئەو کەسانەی را پەڕینیان لە دژی کرد, بۆیە من حەز دەکەم شتێکت بۆ باس بکەم.. لە شاڵاوی ئەنفالدا دوو ئامۆژنم ( ژن مام ) لە گرتوخانەی تۆپزاوە سکیان پڕ دەبێ و لەوێ مناڵیان دەبێ و هەتاکو ئێستاش کەس نازانێ چییان لێهات و شتێکی حەتمییە خۆیان و مناڵەکانیان زیندەبەچاڵکراون و خراونەتە ژێر بیابانی عەرعەر و باشورەوە و یان کراون بە خواردنی سەگ و داڵی ئەو بیابانە.. دەبێ دایکە کوردێك یان مناڵیکی ساوا تاوانی چی بێت؟ بۆیە لە لایەك هەستم بە خۆشی و لە لایەك هەستم بە ڕاچەڵەکانێك کرد، بەراورد لە گەڵ قەبارەی ئەو کارەساتە. بۆیە قەت تەسەورم نەدەکرد ڕۆژێك بچم و ئەو دڕندەیە دارودەستەکەی لە نزیکەوە ببینم.

**قەرەداغی: لە نزیکەوە لە ڕوخساری سەدامدا چیت دەخویندەوە, هەروەها ڕەفتاری سەدام چۆن بوو لە گەڵ ئەوانەی لە نێو هۆڵی دادگا بوون؟**

**تەها سلێمان:** سەدام پیاوێکە هەتاکو سەر ئێسقان نامەنتقییانە هەڵسوکەوت و تەعامول دەکا وهەتاکو ئێستا خۆی بەسەرۆك کۆمار و سەرۆکی سوپا و سەرۆکی قیادە قوتری و هەموو ئەو پلە وپایانە دەزانێ کە لە پێشتر هەیبووە، بۆیە لە بوعدی ناخی سەدام و باوەڕی ئەو دڕندەیە گەر بگەڕێینەوە بۆ ڕاڤەکردنی هەڵسوکەوتی سەدام و چۆنێتی ڕەفتارکردنی دەبینین سەدام هیستریانە دەجوڵێتەوە و هەندێ ڕەفتاری شێتانە دەکات بەدەستی ئەنقەست, هەروەك من لە دووەم ڕۆژی دادگا بینیم هەروەك چۆن بەرپرسی دادگا پێیگوتین: بەخت یاوەرتان دەبێ ئەگەر سەدام دانیشتنەکە تێك نەدات بۆ ئەوەی دادوەر توڕە بێت و بیخاتە دەرەوە، چونکە ئەمڕۆ شایەتەکان گرنگترین شایەتن و باسی ئیغتسابکردنی خۆیان و هەروەها ئەو کچە کوردانەی کە بینیویانە بە چاوی خۆیان ئەو کردەوە ناپەسەندەیان لە گەڵدا کراوە دەکەن, بۆیە هەر لەگەڵ دەستپێکردنی دادگاییەکە سەدام داوای قەڵەم ودەفتەری کرد و داوەر ئاگاداری کردەوە، کە نابێ سەربەخۆ هەڵسوکەوت بکات، چونکە ئێرە شوێنێکی ئاسایی نییە و پێیگوت: هەرچێت دەوێ من بۆت جێبەجێ دەکەم گەر لە سنوری یاسادا بێت, بۆیە سەدام ناچار دانیشت و گوێ بۆ شکاتکاری یەکەم گرت, شکاتکاری یەکەم بێئەوەی ناوی خۆی ئاشکرا بکات زۆر بە وردی ئەوەی بەسەریدا هاتبوو گێڕایەوەو دواتر داوای لە سەرۆکی دادگا کرد لە بەر ئەوەی بابەتێکی تایبەتی هەیە و دەیەوێ تەنها دادگا بیبیستێ, سەرجەم لاقیتەکان داخران، بۆیە بەداخەوە لەم حاڵەتەدا ئێمە بێبەش بووین لە بیستنی ئەو چیرۆکە تاڵە, بەڵام من ئوقرەم نەگرت و پرسیارم لە یەکێك لە دادوەرەکان کرد، بە ناوی (م. ق) و ئەویش گوتی: ئەو ئافرەتە باسی حاڵەتێکی زۆر تایبەتی کرد، ئەویش ئەوەیە کە زۆر بە نامرۆڤانە دستدرێژی سێکسی کراوەتە سەری, بۆیە تاونباران وەك ئەوەی پلانێکیان داڕشتبوو دەستیان کرد بە پرسیاری بێسەروبەر, عەلی کیمیاوی توڕە بوو و پاسەوانی دادگا بە زۆر داینیشاند, سوڵتان هاشم بە شێوەیەکی هستیریایانە قسەی دەکرد, سەدام بە شێوازی ئاسایی خۆی بە بێئەوەی یارمەتی وەربگرێ لە سەرۆکی دادگا هەستایە سەر پێ و چووە بەردەم مایکەکەی بەردەمی و ئەم ئایەتەی خوێندەوە (قاتلوهم حتی لاتکونوا فتنە فی الارج) سەرۆکی دادگا مایکەکەی لێکوژاندەوەو سەدام توشی هیستریا هات و گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی و لە سەر کورسییەکەی دانیشت و بە زمانێکی زۆر بازاڕییانە دەستی کرد بە قسەکردن. سەرۆکی دادگا داوای لێکرد سنووری خۆی نەبەزینی و ڕێز لە دادگا بگری، بەڵام بێسود بوو, سەدام خرا پتر هاتە قسە و گوتی بە داوەر تۆ ڕقت لە منە لە بەر ئەوەی کاتی خۆی داوات پێشکەش کرد لە کۆلێژی سەربازی وەربگیرێی و کاتێك وەرنەگیرای چوویت بۆ ناو موعارەزە و ئێستا دەتەوێ تۆڵەی خۆت لە من بکەیتەوە, ناو هۆڵی دادگا دەبێ بە ژاوەژاو و فەوزاو هەر حەوتیان پێکەوە جوێن دەدەن و قسەی ناشیرین دەکەن, حسێن ڕەشیدی تاوانبار پەلاماری یەکێك لە پاسەوانەکانی دەدا و یەك دوو بۆکسی پیاکێشا تەنها لەبەر ئەوەی دەیەوێ داینیشێنێتەوە و هێمنی ناو هۆڵەکە تێك نەدەن, بەڵام تاوانباران سوور بوون لە سەر ئاژاوەنانەوە, بۆیە ناچار سەرۆکی دادگا بڕیاری دا سەدام و حسێن ڕەشید بکاتە دەرەوە, تاوانبارەکانی دیکەش بە دوای سەدامدا ویستیان بچنە دەرەوە, سەرۆکی دادگا ڕێگەی لێگرتن وتی: تاوانبار سەدام دەچێتە دەرەوە نەك ئێوە, هەوڵەکانی

سەرۆكی دادگا بێئاكام بوو و هۆڵی دادگا زیاتر ئاڵۆز بوو، بۆیە سەرۆكی دادگا بڕیاری دا بۆ یەك كاتژمێر پرۆسەی دادگاییەكە دوا بخرێت, پاش كاتژمێرێك پشوودان دانیشتنێكی داخراو دەستی پێكرد، لە نێوان سەرۆكی دادگا و دەستەی داكۆكیكار و پارێزەری قوربانیانی ئەنفال و پارێزەری دەستنیشانكراو بۆ تاوانباران, بوار بە میوان نەدرا بەشدار بێت لەو دانیشتنەدا, یەك كاتژمێر بەردەوام بوو, هەروەك گوتمان مەبەستی سەرەكی تاوانباران تەنها ئەوە بوو گوێ لە سكاڵاكارەكانی ڕۆژی دووەم نەگرن بەو پێیەی بابەتی ترسێنەری لەلایەن جەلادەكانی بەعسەوە لەخۆ گرتبوو. بۆیە سەرجەم تاوانباران داوایان ئەوە بوو لەم دانیشتنەدا ئامادەنەبن بۆیە دادگاكە بە بێئەوان بەڕێوەچوو. شایەتی دووەم دەستی بە قسەكردن كرد و بە زمانێكی عەرەبی زۆر ڕەوان قسەی دەكرد, دیار بوو خەڵكی دەوروبەری كەركوك بوو، بەسەرهاتی خۆی و ئەو خێزانانەی كرد كە لە زیندانەكانی دوبز بوون و چیرۆكی ئازارەكانی دەگێڕایەوە, ئەم ژنە باسی حاڵەتێكی زۆر ترسێنەری كرد و گوتی: كچێكی زۆر جوان بوو لە زینداندا ئەفسەرێك هاتە قاوشەكە وداوای لێكرد، كە بچێ لە گەڵیدا ڕابوێری و سێكسی لەگەڵدا بكات، بەڵام كچەكە تفێكی لێكرد و قسەی پێوت, جاری دووەم دیسانەوە ئەفسەرەكە هات و داوای لێكرد لە گەڵیدا بچێ, كچەكە توندتر قسەی پێكرد و تفی لێكرد, بۆیە ئەفسەرەكە تووشی هیستریا بوو, بە عەرەبی وتی:( انی ادری شلون اسویلك چاره ) دوای نیو سەعات ئەفسەرەكە بە پرچ كچەكەی ڕاكیشا و كچەكەی لە قاوشەكە خستە دەرەوە و لە ناوەڕاستی گۆڕەپانی سەربازگەكە و بە بەرچاوی هەموو زیندانییەكانی كچەكەی ئیغتساب كرد و دوای ئەوەش فیشەكێكی نا بە كەللەی سەرییەوە و ئێمە زیندەقمان چوو و نەماندەزانی چی بكەین.

**قەرەداغی: ئەی چۆن سەدام پێشتر دەزانێ كێ ئەمڕۆ دێت شایەدی لەسەر دەدات؟**

**تەها سلێمان:** هەروەك لە بیرتانێ سەدام و داروودەستەكەی كاتێك دادوەر عبداللە عامری كەیسی ئەنفالی بەڕێوەدەبرد داوای ئەوەیان كرد، كە دۆسییەی شایەتەكان بدات پێیان بۆ ئەوەی ئاگاداری ڕەوتی دادگاكە بن، بۆ نمونە ئەگەر هەشتا شایەت و شكاتكار هەبن، هەر هەموویان لە بەردەستی سەدام و داروودەستەكەیەتی.ز بۆیە بەگوێرەی زنجیرەی ئەو كەسانەی شكات دەكەن و شایەتی دەدەن دەزانن كێ شایەتی دەدات یان شكات دەكات..

**قەرەداغی: بۆچی سەدام هەتاكو ئێستاش، زۆرجار بە زمانی هەڕەشە دەدوێ و پاڵپشتی ئەم ڕەفتارەی چییە؟**

**تەها سلێمان:** ئەگەر تۆزێك لە نزیكەوە لە سروشتی سەدام بڕوانین دەبینین ڕەوشتێكی دڕندانەی هەیە بۆیە هەر لە مناڵیەوە هەتاكو ئێستا كە بڕیاری لە سێدارەدانی دەرچووە، سەدام خاوەن ڕەوشتێكی نائاسایی بووە و هەركەسێك كە پەروەردەی ژێر دەستی سەدام بێت چمكیك لە ڕەوشتی ئەو دڕندەیە چووەتە ناخییەوە، بۆیە بینیمان بەعسی ئەوتۆ هەبوو كە ڕەوشتی زۆر دڕندە و خراپتر بوو لە سەدام و ئەگەر ئەو كتێبانە بخوێنینەوە كە دەربارەی سەدام دەرچوونە دەبینین ئەو هەر لەمناڵییەوە شەڕانگیز بووە و حەزی لە خوێنڕشتن كردووە و تەنانەت ئەو ڕۆژەی كە شەڕی نەكردووە چووە شیشێكی گەرم كردووە و كردیویەتی بە گیانی پشیلە و سەگ، وەك دڕندەیەك لەگەڵ ئاژەڵاندا هەڵسوكەوتی كردووە، بۆیە لەم پانتاییەوە قەت ئەمڕۆ ناڵێت من تاوانبارم و خۆی بە هەڵە نازانێ و هەردەم خۆی بەڕاست زانیوە و ئەمەش هەرگیز بە مانای ئەوە نایەت كە ئەو ڕاستە, بۆیە هەر لەسەرەتاوە وەك جەلادێك لەگەڵ سەرجەم ئەو كەسانەی كە لە دەوروبەرین هەڵسوكەوتی كردووە و هەمیشە وەك دیكتاتۆرێك جوڵاوەتەوە و تەعامولی لەگەڵ خەڵكی كردووە، بۆ نمونە بەڵگەیەكی زیندوو تر لە كۆشكی كۆماری بستێك خاك نییە ناوی سەدام حسێنی بە هێمای (ص.ح) پێوە نەبێ..! لە سەر دەگاكان، پەنجەرەكان, مەرمەڕەكان, نیگارەكان, كورسی, قەنەفە, گڵۆپ, سوریە, تەنانەت دەرگای تەوالێت و گەرماوەكانیش و بڕۆنزی هەڵكۆڵینەكانی ناو كۆشك.. هەمووی هێمای (ص.ح)ی پێوەیە تەنانەت بەر پێی مروڤ و كاتێك سەری هەڵدەبڕی سەیری سەقفی دیوارەكان دەكا سەدام حسین دەبینێ.. بۆیە ئەگەر بتەوێ (ص.ح) لابەریت ئەبێ كۆشكی كۆماری ڕووتوقوت بكەیتەوەو تەنها هەیكەلی دیوارەكەی بمێنێتەوە, لەمەشەوە جۆرێك بیركردنەوەی سەدام دەخوێنینەوە، كە هەوڵی داوە هەموو كەشی فیكری و سیاسی و كومەڵایەتی و ئاینی لەناو خۆیدا بتوێنێتەوە و هەموو شتێك لە ماوەی حوكمڕانی لە خۆیەوە سەرچاوە بگرێ بۆیە ئێستاش هەر لەو خەیاڵدا دەژی و خۆی بە هەڵە نازانێ و هەمووان بە ناڕەوا دەزانێ و خۆی بە قائد الچرورە دەزانێ..!

**قەرەداغی: ئایا دەرکردنی سەدام لە هۆڵی دادگا.. یان بە ئیعدامکردنی ئەهمیەتی دۆسییە گرنگەکانی کورد دەهێڵێ؟**

**تەها سلێمان:** من بڕیاری لە سێدارەدانی سەدام لەسەر کێشەی دوجێل بە بڕیارێکی زۆر عادیلانە دادەنێم، چونکە کوشتنی چەند کەسێکی کەمیش هەر کۆمەڵکوژییە و ناتوانرێت نکۆڵی لە ڕاستی ئەو بڕیارە بکرێ و من دەستخۆشی لە جورئەتی دادوەری گشتی کەیسی دوجێل و هەموو داوەرانی تر کە هەستاون بە دەرکردنی ئەو بڕیارە عادیل و ڕاستە دەکەم، کە مایەی شانازی هەموو گەلانی عیراقە و سەربەرزییەکی گەورەیە بۆ دادگای عیراقی, بەڵام پەلەکردن لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە زیان دەگەیێنێ بە کێشە ڕەواکانی ئێمە، واتا کەیسی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و لەناوبردنی هەشت هەزار بارزانی و کوشتن و بێسەروشوێنکردنی پاڵەوانانی ڕاپەرین, چونکە کەیسی ئێمە زۆر گەورەترە لە کێشەی دوجێل، هەرچەندە مەبەستم ئەوە نییە لە گرنگی کێشەی دوجێل کەم بکەمەوە، چونکە کوشتن هەر کوشتنە.. بەڵام کەیسی ئێمە ئەو ڕواڵەتە و ئەو گرنگییەی نامێنی ئەگەر سەدام ئیعدام بکرێ، بۆیە دەبێ سەرکردایەتی سیاسی کورد و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و سەرجەم ڕۆشنبیران ڕۆڵی کاریگەر ببینن بۆ ئەوەی سەدام ئیعدام نەکرێ هەتاکو بڕیاری عادیلانەی لە سەر سەرجەم دۆسییەکانی دیکە دەردەچێ و ئەگەر ئەو بڕیارە بە هەر جۆرێك بێت، ئایە بە ئیدانەکردن بێت یان بە بە تەبریئەکردن بێت و دەبێ بڕیارێکی عادیلانە بێت، چونکە ئێمە دەبێ سەرجەم دۆسییەکانمان بە بەڵگە و دەلیلی یاسایی بێت و دەبێ هەمووان ڕوڵمان هەبێ، کە نەهێڵین سەدام لە سێدارە بدرێت و دەبێ پەلە نەکرێ لە جێبەجێکردنی بڕیارەکە، چونکە بە نیازن مانگی دوانزە ئیعدامی بکەن و دەبێ هەموو لایەك فشار بخەینە سەر دەسەڵاتی سیاسی بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆیان ببینن بۆ ئەوەی ئیعدامکردنی لە پاش دەرچوونی بڕیاری کۆتایی سەرجەم ئەو دۆسییانەی لە سەری تاوانبار کراوە، بێت. بۆیە من بەڕاشکاوی دەڵێم بەلای منەوە گرنگ نییە ئەگەر لەسەر دۆسیسەکانی دیکە هەرچی حوکمێك بدرێ، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرنگە لەسەر کێشەی ڕەوای گەلەکەم بڕیاری عادیلانە بدرێ و گەلەکەم چاوەڕوانی ئەوەیە کە سەدام لەسەر ئەو تاوانانەی ئەنجامی داوە بڕیاری عادیلانە دەربچێ و ئایا ئەو بڕیارە هەرچییەك بێت بۆیە دەبێ یاسایانە ئەو کومەڵکوژییە بسەلمێنین بۆ ئەوەی دڵی دایکی سەدان هەزار کوردی بێتاوان ئوقرە بگرێ, هەروەها دەبێ تیشك بخەینە سەر خاڵێکی گرنگ لە بڕیاری کێشەی دوجێل، چونکە هەروەك لە بڕیارەکەدا هاتووە دەبێ سەدام قەرەبووی زیان لێکەوتوانی کێشەی دوجێل بکاتەوە, پرسیار لەوەدایە ئایا سەدام ئەو هەموو پارە و موڵکەی ماوە کە قەرەبووی زیانی سەرجەم کەیسەکان بکات؟ بۆیە من دەڵێم دەبێ قەرەبووی سەرجەم ئەوانەی سەدام زیانی پێگەیاندون بخرێتە ئەستوی حکومەتی ئێستای عیراق و دەبێ کار بۆ ئەمە بکرێ، چونکە ژمارەی زیانلێکەوتوان لە موڵکەکەی سەدام زۆر زۆرترە.

**قەرەداغی: خەڵکی لەوە دەترسن کە سەدام بگاتە تەمەنی 70 ساڵ و ئیعدام نەکرێ؟**

**تەها سلێمان:** من لە ڕائید جوحی (لێکۆڵەری گشتی) و محەمەد ئەلعورەیبی (دادوەری گشتی کەیسی ئەنفال) و (منقذ ال عمران) داکۆکیکاری گشتیم پرسی و گوتم: ئەگەر سەدام تەمەنی بگاتە 70 ساڵ ئیعدام دەکرێ؟ هەر سێکیان بەڕاشکاوی گوتیان لە یاسای عیراقی تەمەن دیاری نەکراوە بۆ ئیعدامکردن و لە یاسای عیراقی شتی وەها نییە و هەروەها پرسیاری ئەوەم کرد ئایا دەبێ چەندین حوکمی ئیعدامکردن بۆ تاکە زەلامێك دەربچێ؟ ئەوانیش گوتیان: دەبێ بۆ تاکە کەسێك پێنج حوکمی ئیعدام و چوار موئەبەدی هەبێ..

**قەرەداغی: ئەو بەشانەی دەبڕدرێن و بینەران لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانیانەوە نایبینن چین؟ بۆچی ناهێڵن بینەر بیانبینێ؟**

**تەها سلێمان:** هەندێ جار هەڵسوکەوتی سەدام و قسەکردنی زۆر نابەجێ و بازاڕییانەیە، زۆر جار هیستریانە دەجوڵێتەوە یان دەیەوێ دادگاکە بکاتە مینبەرێك و بۆ خیتابی سیاسی بەکاری بهێنی بۆیە ئەم ڕەفتارە ناشیریانەی سەدام، داوەر ناچار دەکا کە هەندێ جار مایك دا بخات یان هەندێ بەش پێشان نەدرێن بکەوێتە بەر مەقەستی چاودێرییەوە.

**قەرەداغی: چۆن سەدام ئەو سامەی ماوە کە تاکو ئێستا دەوربەرەکەی لێی دەتوقێن؟**

**تەها سلێمان:** ئەگەر لە نەزعەی شۆفێنییەتی یان عەربیزمەوە سەیری ڕەفتار و خیتاب و هەڵسوکەوتی سەدام بکەین بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە چارەنووسی داروودەستەکەی سەدام گرێدراون بە سەدامەوە، ئایا بڕیارەکە بە ئیعدامکردن بێت یان موئەبەد یان بە هەر شێوەیەك بێت، بۆیە هیچ کاتێك پێت وەها نەبێت ئەگەر سەدام و داروودەستەکەی دان بە تاوانەکانیاندا بنێن، ببێتە

هۆی سوككردنی ئەو حوكمەی كە دەدرێت بەسەریاندا، چونكە سەدان بەڵگەو دیكیۆمێنت ئەوان ئیدانە دەكات، بۆیە منیش لە داوەری گشتی (منقژ ال عومران)م پرسی و گوتم: لە شەقامی كوردیدا گللەییەكی زۆر هەیە، لەسەر داكۆكیكاری گشتی و پارێزەرە كوردەكان و هەروەها لەسەر ئەدای شایەدەكان.. ئەویش بە ڕاشكاوی و زۆر مەنتقییانە وەڵامی دامەوەو گوتی: باوەڕ و قەناعەتت هەبێ، ئەگەر تێكڕا هیچ شایەدێكیش ئامادە نەبێ و تەنانەت سەدام دابنیشێت یا نا، لە بەر دەستی داكۆكیكاری گشتی و دادوەریش هێندەی بەڵگەو دۆكیۆمێنتی تەڕ هەیە، كە شتەكان زۆر بە ڕوونی و ئاشكرایی ئیسپاتی موتڵەقن لەسەر تاوانباركردی سەدام و دارودەستەكەی بۆیە عەلی كیمیاوی و سوڵتان هاشم و حوسێن ڕەشید دڵنیان چارەنووسیان گێردراوە بە سەدامەوە، بۆیە هەر لە بۆچوونی شۆڤێنییەتی پان عەرەبیزمەوە سەیری شتەكان دەكەن، دەیانەوێ دوولایەنانە ئیش بكەن، یەكەمیان بۆ ئەوەی فشارێك بكەنە سەر شەقامی عەرەبی و شۆڤێنیزمە عەرەبەكان ڕەنگە لە بۆچوونی خۆیان بیانەوێ دادگایەكە فەشەل پێبهێنن، دووەمیان دەیانەوێ مێژوویەك بۆ خۆیان تۆماربكەن و وەهای نیشان بدەن كە ئەوان دەسەڵات بوونەو لەسەر هەقن و تاوانبار نین، چونكە سوور دەزانن ئیعدامكردنیان مسۆگەرە، هەتاكو پارێزەرانیش سوور دەزانن سەدام تاوانبارە، بەڵام دەیانەوێ مێژوویەك بۆ خۆیان دروست بكەن، بۆ ئەوەی بڵێن پارێزەری عەرەبی بە غیرەت هەبووە كە داكۆكی لە سەرۆكێكی عەرەبی تاوانبار كردووەو ئەمەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونی شۆڤێنیزمی پان عەرەبیزم، هەروەها بەمجۆرە خاڵێكی دیكەی هەڵسوكەوتی سەدام و دارودەستەكەی و هەروەها پارێزەرانی كە دەیانەوێ جەوی سیاسی عیراق ئاڵۆز بكەنەوە بۆ ئەوەی كۆنترۆڵكردنی واقیعی ژیان بەمەش كەشی نائارامی لەپاش خۆیان بە جێبهێڵن و نەهێڵن ئەو دەسەڵاتەی كە هاتووە حوكم بكات.

**قەرەداغی: بۆچی سەدام پاش ئەو هەموو كورد كوشتنە، ئێستا داوای برایەتی كورد و عەرەب دەكات؟**

**تەها سلێمان:** سەدام هیچ برایەتی كورد و عەرەبی نەویستووەو نایەوێ، چونكە برایەتی لە بۆچونی سەدامدا تەنها كوشتن و داڕزاندنی تاكی كوردە هەروەها سڕینەوەی شوناسی كوردەو توانەوەی كوردەو هەروەها هەڵوەشاندنەوەی سنووری جوگرافی كوردستانەو ئەمەش بە كوشتن و بڕین دەیەوێ برایەتی بكات..! برایەتی لە بۆچوونی ئەودا بەم مانایە دێت.. هەروەك ئاشكرایە ئیشكردنی سەدام لەسەر چەمكێكی فیكری زۆر ترسناك كاری كردووە، ئەویش سەرچاوەكەی لە دامەزرێنەری حزبی بەعسەوە سەری گرتووە، كە میشێل عەفلەقە.. دەیهێنمەوە یادتان كە عەفلەق لە كتێبی (كل شئ من أجل البعث)دا كورد و بەر بەر (بەربەر ئەو نەتەوەیە كە لە جەزائیر دەژین) بە گەورەترین مەترسی لەسەر نەتەوەی عەرەب دادەنێ و بۆیە داوای داڕزاندنی كلتور و شوناس و هەموو بیرو ڕاو شتەكانی دیكە دەكات، دیاریشە سەدام لە پرۆسەی ئەنفالدا كاری بۆ ئەوە كردووە، بۆیە ئەنفالیش زنجیرەیەك بوو بۆ ئەوەی تاكی كورد نەمێنێ و بۆ ئەوەی بەرەو نەمان بچێ و هەنگاوی خراپتریشی بە دواوە بوو.

**قەرەداغی: هەتاكو چەند لەگەڵ ئەو وتەی كە دەڵێ:"سەدام لە ماوەی حوكمڕانی و لە گرتنی و ئیعدامكردنی خزمەتی بە بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا كردووە"؟**

**تەها سلێمان:** سیاسەتی سەرشێتانەی سەدام خزمەتێكی ئێجگار زۆری ئەمریكای كردووە.. ئیتر ئایا بە زانینبێ یان نەزانین، هەروەها ڕەفتاری دیكتاتۆریانەو داگیركەرانەی سەدام ئەو كارەی لە ئەمریكا ئاسانتر كردەوە، چونكە لەلای ئەمریكییەكان خەونێك بوو بێنە ناوچەكەو سەرجەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ڕاستەوخۆ بە بڕیاری ئەوان بجوڵێتەوە، هەروەها بەلای سەرجەم وڵاتە زلهێزەكانیشەوە خەونێك بوو كە ڕەكیزە لە عیراقدا دابكوتن بەڵام لە سایەی سەدامدا ئەوەیان بۆ هاتە دی، ئەمەش مانای وانییە كە سەدام سەد دەر سەد كردەوەی بە ڕێنماییەكانی ئەمریكا كردووەو بە قسەی ئەوان جوڵاوەتەوە، چونكە ئەمریكا بەرژەوەندی هەمیشەیی هەیە، بەڵام هاوڕێیەتی هەمیشەیی نییە، هەروەها لە پاش ساڵی 1991 سەدام دەیتوانی ئەمریكا بكاتە هاوڕێی خۆی، بەڵام نەیكرد، ئەوەشمان لە یاد نەچێ، كە پەلەكردن لە روخاندنی سەدام دەرهاوێشتەی سیراعی ناوخۆی نێوان كۆماری و دیموكراتییەكانە، چونكە گەیشتنە قەناعەتێك كە سەدام زیانە بەسەر بەرژەوەندییەكانی ئەمریكاوە..

هەرچەندە ڕەفتارکردنی هەردوو حیزبەکەی ئەمریکا جیاوازە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە لە هێڵی گشتیدا هەردوولا ناکۆک بن، بۆیە ڕەفتارەکانی سەدام بە شێوەیەك خزمەتی ئەمریکای دەکرد ئەگەر بە ئاگایی بێت یان بێئاگایی.

**قەرەداغی: بە گشتی چ سەرنج و تێبینییەکت هەبوو لەسەر ڕەوتیی دادگایەکە؟**

**تەها سلێمان:** تێبینییەکانی زۆرن، لەوانەیش: یەکەم: قیادەی سیاسی سەرەڕای ماندووبوون و هەوڵی بێوچانی لە پێناو دۆسییە ڕەواکانی گەلی کورد، بەڵام لە دۆسییەی ئەنفال و دۆسییەکانی دیکە موقەسیرن.. من ناڵێم کەسانی موزەحی نییە، بەڵکو کەمتەرخەمن و بەشێوەی بەرپرسیارێتی تەعامول ناکەن بۆیە دەبێ قیادەی سیاسی بەخۆیدا بچێتەوەو بڕیاری پەلەکردن بە لە سێدارەدانی سەدام نەکرێت و بوەستێنرێت و بە جیدی کار بۆ قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووانی ئەنفال و کیمیاباران بکرێت هەروەها جەخت لەسەر حکومەتی عێراق بکرێت بۆ ئەوەی داوای لێبووردن لە گەلی کورد بکات، دیاریشە ئەمە ئیشی قیادەی سیاسی کوردە، هەتاکو ئێستایش نەیانتوانیوە تەوزیفی شتەکان بکەن.

دووەم: پارێزەرە کوردەکان لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم بۆ هەوڵ و کۆشش و ماندوو بوونیان، کە زەحمەت ئەکێشن و بەو ڕێگا سەختەدا دەچن بۆ بەغدا و دیاریشە چوونە بەغدا کارێکی ئاسان نییە، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانییە، کە پارێزەرکان ناکاران و چالاك نین، بۆچی 6-10 قازی و پارێزەری کورد واز لە کێشەکانی خۆیان ناهێنن و بڕۆن لە بەغدا وەکو خۆبەخش داکۆکی لە قوربانیانی ئەنفال بکەن؟ چونکە من بەچاوی خۆم داکۆکیکاری گشتی (منقذ ال عومران)م بینی کە زۆر توڕە بوو و هەڵچوو بوو دەیگوت: پارێزەرە کوردەکانی دۆسییەی ئەنفال پرسیاری ئەوتۆ دەکەن کێشەکە بچووك دەکەنەوە، بۆیە من لەگەڵ ئەوپەڕی حورمەتم بۆ خۆبەخشی ئەو پارێزەرانە، بەڵام ئەمە مانای ئووە ناگەیەنێ کە ناچالاك بن و نەتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن، ئەمەش پاساو نییە چونکە ئەو داکۆکیکردنە ئەرکێکی ئەخلاقی و نیشتمانی و پیشەییە.

سێیەم: موتەرجیمەکانن هەرچەندە من زۆر عەرەبی باش نازانم، بەڵام لە ئەدای موتەرجیمەکان زۆر نارازیم، چونکە هەندێ جار بە سەقەتی وشەکان لە کوردییەوە بۆ عەرەبی و یان بە پێچەوانەوە تەرجومە دەکرد بۆیە من ناچار دەبووم بگەڕێمەوە سەر وشە عەرەبییەکە بۆ ئەوەی تێبگەم.

**قەرەداغی: باشە.. موتەرجیمەکان کێ دیاریان دەکات بۆ ئەو کارە؟**

**تەها سلێمان:** ئەو دائیرەیە هەڵیاندەبژێری کە تێدا کار دەکەن، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە کەسانی کوردی عەرەبیزان زۆر کەمن کە ئامادەبیان تێدابێ وەکو موتەرجیم کار بکەن، چونکە دیارە خەڵکی موتەمەکین ئامادەنین خۆیان لەو مەترسییە بدەن و بچن تەرجومە بکەن لەوێ بۆیە دەبێ هەستی بەرپرسیارێتی لەلای هەمووان بەرزتر بکرێتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی من گەشبینم لەسەر ئەم دادگاییکردنە، چونکە هەر لە سەرۆکی دادگا کە محەمەد ئەلعورەیبی هەتاکو داکۆکیکاری گشتی مونقیژ ال عیمران زۆر دڵسۆزانە کار دەکەن و دەتوانم بڵێم لە کوردەکانی خۆمان دڵسۆزترن بۆیە هەروەك بیستمان هەردووکیان لەسەر دۆسییەی ئەنفال کەسی نزیکیان تیرۆرکراوە.

**قەرەداغی: ڕاستە داوەر محەمەد عورەیبی گللەیی لە سەرکردایەتی سیاسی کورد کردووە، کە نەچوونە بۆ تەعزییەی زاواکەی و خوارزاکەی؟**

**تەها سلێمان:** ئێمە تاکە وەفدی کوردی بووین کە چووین پرسەو سەرەخۆشی گەلی کورد و کەسوکاری ئەنفالمان بە ئەلعورەیبی گەیاند، هەرچەندە ئەو ماڵی لە ناوچەی سەوزەو نزیکەی 50-60 پەرلەمانتاری کورد و نزیکەی 40 وەزیر و وەکیل و جێگر وەزیری کورد لەوێ دەژین، کەسیان نەچوونە بۆ سەرەخۆشی ئەلعورەیبی ئەمەش کەمتەرخەمییەکی گەورەیە بەرانبەر کەسێك کە لە سایەی دۆسییەی ئەنفال کەسی ئازیزو نزیکی لە دەستدا.

**تێبینی:** ئەم گفت گۆیە لە هەفتەنامەی خۆرنەوەزان بلاّو بوەتەوە